-مرۆڤ ئازادە، بەڵام کردەوەکانی تەنها زنجیرە دەکرێت لەژێر سیستەمو فرمانە رەوشتییەکان.
-رەوشت زانستێکی باسکردن نییە، بەڵکو زانستێکی پێوەرییە، پێوەرەکان دادەنێ کە پێویستە رەچاو بکرێن وە بەهەمەبەری بەهاکانی کردەوەکانی مرۆڤایەتی دەپێورێت.
-رەوشت تیۆریو کردارییە پێکەوە، بەواتایەکی تر تیۆری بۆ دادەنرێتو جێبەجێ دەکرێ بەیەکەوە.

گەر رێکەوتین لەسەر ئەم دراوە وەرگیراوانە لەپێناسەکانو چەمکەکانو بەتایبەتی لەبەندی یەکەم کە دەبینین زانستی رەوشت دەبێ پێک بێت لەرێزمانی گشتی بۆ ئاکارەکانی مرۆڤایەتی بێ رەچاوکردنی کاتو شوێن بۆمان دەردەکەوێت، کە جۆراوجۆرییەکی ئاشان بەشوێنییەوە ئەوەیە ئایا دەتوانرێ یاساکانی رەوشت دابنرێت بەرەها نەک رێژەیی.

بەمانای ناگۆڕێن بەجیاوازی کاتو شوێنو دۆخ، یاساکانی رەوشت ناگۆڕێن بەپێی گۆرانی ژیارەکانو گۆرانی چەمکەکان لەگەڵ گۆرانی ژیارەکان، جگە لەوەی کەدەتوانرێ بگۆڕێت لەو یاسایانە بەپێی گوێزانەوەی دیار لەچەرخی مێژوودا، کردەوەیەکی وا رەوشتییە لەکاتی جەنگەکاندا بەڵام نارەوشتییە لەکاتی ئاشتیدا، لەراستیدا دەبینین یاساکان دەربارەی خێرو شەڕ دەگۆڕێت لەشوێنو کات (ئەوەی کە لەسەردەمی نەزانین شیاو (حلال) بوو، لەسەردەمی ئیسلام نەشیاو(حرام) بوو لەسەردەمی (موسا)دا شیاو بوو، لەسەردەمی (مەسیح) نەبوو هتد..



لێرەدا پێویستە تویژەری فەلسەفە، کەدەردەکەوێت بۆ ئەوەی بکەوێتە (لێکۆڵینەوەی ناواخنی رەوشت لەچەمکی ئازادی چونکە جەخت دەکەم، کە ئەم ناواخنە خەریکە دابڕێ لەواتای میتافیزیکەوە ئەم وشەیە، بەڵام ناتوانین بەش بۆ ئەم ناواخنێکی رەوشتییە.

چونکە بابەتی ئازادی لای ئێمە تایبەت نییە بەدیاری کردنی لێپرسراوێتی مرۆڤ بەیەکسانی لەلایەن رەوشتەوە یان لەلایەن یاساوە وەهەروەها مەبەستی لەلامان ناوەستێ لەبڕیاردانی بەیاسایی ئەرک پێدان یان جێگیربوونی پاڵپشتییەکانی سزا و پاداشت، دەبێت ئێمە رێگەمان بدرێتێ بۆ پیشان دانی هەندێ لەپێناسەکانی رەوشت.

## پێناسەی رەوشت:

ئاکار چەند پێناسەیەکی جیاوازی هەیە بەپشت بەستن بەسروشتی پسپۆڕیو یان گۆشەی هزریو فەلسەفی، کە دەروانێتە ئەم چەمکە، بۆ کورتکردنەوە هەوڵەکان بەکورتی ئەوەی تویژەری فەلسەفی (عەبدورەحمان بەدەوی) پێی گەیشتووە دەیخەینە پێش چاوتان ئەوە دوورمان دەخاتەوە لەئەشکەنجەی قوڵبوونەوە لەبەشە جیاوازەکانی پێناسە وەرگیراوەکان لەکێڵگەی زانستی گرێدراوی، کە لەوانەیە هاوشێوە بێ لەگەڵ کێڵگەی میندا، کەبۆ تویژەرەکان بێ کێڵگەکەی فەلسەفی بێت.



بەدەوی دەڵێ ئاکارەکان کۆی ئاکارەو بەڵام بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی واتایەک کە لەزمانە ئەورپییەکاندا وەک(moral) بەفەرنسی(morals) بەئینگلیزی(moral) بەئەڵمانی(moral) بەئیتالی..هتد.. وە ئەم وشەیە ئەوروپییە لەوشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە (mores) کۆی (mos)و بەیۆنانی (moos) بەرامبەریەتیو لەئەم ئاوەڵناوە ناوێکی تر هات ئەوەش (ethica) بەلاتینی، (ethique) بەفەرەنسی، (ethics) بەئینگلیزی، (ethik) بەئەڵمانی هتد...

لەلاتینی دوو وشەی (moralis ،ethic) پێکەوە دەبینینو هەروەها لەزمانە ئەوروپییە تازەکانیشدا. وە لەعەرەبیشدا دوو وشەی: ئاکارەکان و وێژەکان، دەبینین هەرچەند وشەی دووەم بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی پەندی کورتو رستە کە گوزارشت لەمانای راستییەکان دەکات.

ئەوە بەتایبەتی لەکتێبی (صوان الحكمە)ی (ابی سلیمان المنطقی الجستانی) و (أداب الفلاسفە)ی صنین کوڕی اسعافو (مختار الحكم و محاسن الکلم)ی (مبشر کوڕی فاتک)و هاوشێوەکاری لەو کتێبانەی، کە باس لەمێژووەکانی دانانی یۆنانییەکان لەزمانی عەرەبی دەکەن. و وشەکە زۆرجار بەشێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت وەک لەم کتێبانەداو جار جار لەشێوەی تاک بەکاردەهێنرێت وەک لەناونیشانی ئەم کتێبانە دا هاتووە (ادب الدنیا والدین)ی ماوردی (الادب الکبیر) (والادب الصغیر)ی کوڕی مقنع.



**لەفەرهەنگی لالاند ئاکار بەسێ شێوە پێناسە دەکرێت:**
-(کۆی بەڵێندراوی رەفتاری وەرگیراوە بەشێوەی بێ مەرج).
(رەفتاری هاوشێوەی ئاکارەکان، بۆ نمونە کاتێ دەربارەی پێشکەوتنی ئاکارەکان دەدوێین).
(تیۆری هۆشمەندی لەچاکەو خراپە، بەم واتایە وشەکە ئەوە دەگرێتەوە تیۆرەکە لادەداتەوە بۆلای ئەنجامە پێوانەییەکان).

لەئنسکلۆبیدیای فەلسەفی (م. دوزنتال)دا هاتووە. ئاکاریەکان (شێوەیەکە لەشێوەیەکانی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی پێچەوانە ئەبێتەوە تایبەتمەندە ئاکاریەکانی رووداوە کۆمەڵایەتیەکان لەچاکەو خۆشگوزەرانی و دادپەروەری هتد... تێدا جیگیر دەبێت، ئاکاریەکان کۆی یاساکانیو پێوانەکانی ژیانی کۆمەڵو رەفتاری خەڵکو ئەرکەکانیان دیاری دەکات بەرامبەر یەکترو بەرامبەر بەکۆمەڵو سروشتێکی ئاکاری دیاری دەکات بەکرداری سیستەمی ئابوریو کۆمەڵایەتیو بەرژەوەندی چینایەتی ئاستەکەی پێچەوانە دەکاتەوە، بۆ بەرژەوەندی تویژێکی خەڵک).

هەر کەسێک وردبێتەوە لەپێشکەوتنو لایەنەکانی فەلسەفی چوارچەمکی بنەڕەتی ئازادی بۆ دەردەکەوێت کە درێژ دەبێتەوە لەئەودیوی سروشتەوە بۆ کردارو لەوێوە بۆ تیۆریو بۆ جێبەجێکردن، لەجێگیرەوە بۆ گۆڕاوەو لەڕەهاوە بۆ تایبەت، ئێمە کەتوێژینەوە دەربارەی چوارچێوەی فەلسەفی بۆ لەچوارچێوەنانی رەفتاری راگەیاندن بەرێبازە ئاکاریەکان، کەکۆکردنەوە لەنێوان دوو دژکارەکان دەستەبەر بکات لەئازادی